## عومەر ئێلخانی زادە:

# سەرکردایەتی کورد، دەبێ ڕۆشنتر داخوازیەکانی خۆی لەبەردەم هاوپەیمانان دابنێ

**بۆ لێدوان لەدواپێشهاتەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و هەڵوێستە کردن لەسەر گوتاری سیاسی سەرکردایەتی کورد لەدوای ئەو گۆڕانکاریە گەورانەی کەلەعیراقدا ڕوویانداو بۆ ڕاوەستان لەسەر مەسەلەکانی ئایندەی کوردو ئەو کارە ئیرهابیانەی کەلێرەو لەوێ هەوڵی لەناوبردنی ئەم ئەزموونە دەدەن، بەباشمان زانی ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ بەڕێز (عومەر ئێلخانی زادە)ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵە ساز بکەین.**

**سازدانی : شۆڕش قەرەداغی**

+ بارودۆخی باشووری کوردستان دوای ڕوخاندنی ڕژێمی عیراق چۆن هەڵدەسەنگێنیت و ئایندەی دۆزی کورد چۆن دەبینی؟

- دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام هەلێکی باش بۆ خەڵکی کورد لەکوردستانی باشور هەڵکەوت، دەتوانم بڵێم کەهێزە کوردیەکان بەگشتی پڕچەك و پڕ هێزو پڕیمکان بوون، فەزایەکی دیموکراتیك زیاتر لەهەموو کوردستان کرایەوە، خەڵك هیوایەکی زۆرتری پەیدا کرد، ئێستا دەبینین باری ئابوری ژیان هەموو شتێك باشتر بووەو بەگشتی لەگەڵ بزووتنەوەیەك ڕووبەڕووین کەخەڵکی کورد تەسیمی لێ بڕاوانەی خۆی هەیە بۆ ئەوەی بەمافەکانی خۆی بگات.

بەڵام ئەوەش ڕاستییە کەئێمە هێشتا ناکۆکیمان هەیە هێشتا ئیدارەکانی هەولێرو سلێمانی یەکیان نەگرتۆتەوە، هێشتا بڕیارێك نەدراوە لەسەر ئەوەی کەی و چۆن خەڵکی کورد هەڵبژاردن دەکات، کەی و چۆن خەڵکی کورد بەدەنگ و ئیرادەی خۆی چارەنووسی کوردستان دیاری دەکات. لەلایەکی دیکەوە دوژمنانی ئێمە چ لەدەرەوەی کوردستان چ دەوڵەتەکانی دراوسێ و چ وڵاتە عەرەبەکان بەگشتی دژ بەمەسەلەی کورد دەستیان کردووە بەکارکردن، هەڵسوڕانێکی چڕو پڕیان هەیە بۆ ئەوەی نەهێڵن لەکوردستانی باشور ئەو ئەزموونە سەر بکەوێت.

مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کەهێشتا لەگەڵ هاوپەیمانان نەتوانراوە بەتەنسیق و تەوافقێکی ڕۆشن بگەین لەسەر مەسەلەی کورد مەبەستم ئەوەیە ئێمە دەبێت لەموجامەلەو تەعاروف بێینە دەرێ و زۆر بەڕۆشنی بەئەوان بڵێین کەمەسەلەی کورد چۆن دەبینن و بەشێوەی ڕەسمی ڕای بگەیەنن. هێشتا مەسەلەی کەرکوك و ئەو بەشانەی دیکە کەلەکوردستان دابڕابوون نەخراونەتەوە سەر جوگرافیای کوردستان، بەڵام بەگشتی چ لەبارەی دیموکراتیخوازیەوە چ لەباری پێشکەوتنخوازی و مەدەنیەتەوە، من کوردستان بەیەکێك لەنموونە باشەکان دەبینم لەچاو شوێنەکانی دیکە. دەبینین چەندین حزبی تێدایە چەندین تەلەفزیۆنی تێدایە، ململانێی سیاسی هەیە ڕووناکبیران قسەی خۆیان دەکەن، خەڵك ڕەخنەی خۆی دەگرێ.

بەگشتی دەمەوێ بڵێم کۆبونەوەو یەکگرتنێکی گشتی هەموو خەڵکی کورد نەبێت دژوارە، چۆن لەو هەلە تێپەڕدەبین و چۆن بەرپەرچی هەموو ئەو کردەوە خراپانەی کەئێستانەیارانی خەڵکی کوردستان و دەوڵەتانی ناوچەکە هەیانە، چۆن دەتوانین بەرپەرچی ئەوە بدەنیەوە.

+ سیاسەتی سەرکردایەتی کورد دەبێت لەو هەلومەرجەدا چۆن بێت و پێت وایە گوتاری سیاسی کورد توانیویەتی بەئاقارێکی باش هەنگاوبنێ لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسدا؟

- من لام وایە بەگشتی ئەوەی کەسیاسەتی نێونەتەوەیی دەگەڕێتەوەو ئەوەی کەبەداخوازی دیموکراتێك لەعیراق دەگەڕێتەوە ئەوەی کەسەرکردایەتی کورد دەتوانم بڵێم یەك دەنگن لەم بابەتەوە بۆ عیراقێکی فیدراڵی، دیموکراتیکی سکۆلار یەکێك لەژێرییەکان و باشیەکانی سەرکردایەتی کورد بوو، بەڵام لەهەمان کاتدا پێم وایە سەرکردایەتی کورد ڕۆشنتر دەبێت داخوازیەکانی خۆی لەبەردەمی هاوپەیمانان دابنێ، وەزن و قەدری بزوتنەوەی کوردستان ئێستا ئەوەندە هەیە کەئێمە دەتوانین پێشڕەوی زۆرتر بکەین، دەتوانین زۆر بەڕۆشنی هەموو شتەکانی خۆمان لەم بابەتەوە باس بکەین.

من گومانم نییە بەبێ ئەوەی خۆمان هەبین، بەبێ ئەوەی کەخۆمان بەتوندی مافەکانی خۆمان بەدەستەوە گرتبێت و پارێزگاری لێ بکەین ناتوانین لەو هەلومەرجە دژوارەدا زۆر بچینە پێشێ، من لام وایە سەرکردایەتی کورد دەبێ ئاوڕێکی جددی لەو مەسەلەیە بداتەوە. بەهەمان شێوە بۆ مەسەلەکانی فەندەمێنتالیزم و بڵاوکردنەوەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی، بڵاوکردنەوەی بیروڕای دیموکراتیك من لام وایە کەسەرکردایەتی کورد دەبێ هەنگاوی زۆرتر هەڵبگرێت، بۆ ئەوەی کەجەماوەر بێنینە شەقام و لەهەموو جێگەیەك بزوتنەوەی جەماوەری ڕێك بخەین بۆ داخوازیەکانمان. هێشتا ئێمە هەلی زۆرمان هەیە کەبەباشی کەڵکمان لێ وەرنەگرتووە.

+ لەدوای ئەو گۆڕانکاریانەی کەلەعیراق ڕویداو دوای ٣٥ ساڵ لەحوکمی بەعس، پێت وانیە کەهەل و زەمینەیەکی لەبار هەبێت بۆ کورد بۆ داواکردنی زیاد لەفیدراڵیەت؟

- من لام وایە مەسەلەکە ئەوەیە کەکورد نەتەوەیەکەو دەبێت بەمافەکانی خۆی بگات. کورد لەهەمان کاتدا ویستیویەتی هەتا بۆی بکرێت لەچوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا بمێنێتەوەو لەگەڵ ئەو خەڵکانەی کەچەندین ساڵ پێکەوە کلتورو مێژوویەکیان دروست کردووە، بتوانێ برایەتی و دۆستایەتی خۆی ڕابگرێ، ئەمەش بەشتێکی باش دەزانم، ئەسڵی فیدرالیزم (فیدرالیزمی نەتەوەیی و جوگرافیایی) یەکێك لەو دروشمانەیە کەکورد ئێستا بەخۆشیەوە دەتوانم بڵێم لەهەموو پارچەکانی کوردستان هەڵی گرتووە.

بەڵام ئەگەر بڕیار وابێت ڕەوتەکە بەرەو ئەوە بڕوات دوژمنانی کوردو شۆڤێنستەکان و داگیرکەرانی کوردستان ئەوەش بەخەڵکی کورد ڕەوا نەبینن، من لام وایە خەڵکی کورد حەقی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت. من لام وانیە هێشتا کورد ئێستا دەبێت یەك دەنگ بڵێت حەتمەن لەعیراق جیادەبمەوە، من لام وایە هێشتا ئەو هەلە نەهاتووە، بەڵام دەبێت بڵێم ئەوە مافی بێ ئەولاو ئەولامانە، ئەگەر کار بەبرایەتی و بەتەبایی پێکەوە ژیان، بەپاراستنی مافەکانی میللەتان نەکرێ، جیابوونەوە باشترین ڕێگەیە.

+ تۆڕی ئیرهابی وەکو دەبینین و بەتایبەت تەوژمی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی سیاسی ڕوو لەتەشەنە کردنە بەتایبەت لەدوای تەقینەوەکانی ئەم دواییەی هەولێر، ئەم دیاردەیە زیاتر هەستی پێدەکرێت، هەرچەندە ئەم تەوژمە بەدەر نیە لەدالدەدان و پاڵپشتی وڵاتە ئیقلیمیەکان لێی، ئایا بەرنامەی تیرۆریستان چییەو دواتر چۆن دەکرێت بەر بەو تەوژمە فەندەمینستالە ئیسلامیانە بگیرێت؟

من پێم وایە مەسەلەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی مەسەلەیەك نییە، یان دیاردەیەك نییە کەئەمڕۆ بەتەنها تایبەت بێت بەکوردستان، یەکێك لەو دیاردانەیە کەبنکەو پێگەو کانگاکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەڵام لەگەڵ ئەوە هەروەك تەقینەوە تیرۆریستیەکەی



*** لەبارەی دیموکراسیخوازی و پێشکەوتن خوازیەوە کوردستان بەیەکێك لە نموونە باشەکان دەبینم**

*** ئەگەر کاربەبرایەتی و تەبایی، پێکەوەژیان، پاراستنی مافەکانی میللەتان نەکرێ، ئەوا جیابونەوە باشترین ڕێگەیە**

*** یەکێك لەئەرکەکانی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی ڕوخانی عەلمانیەت و مەدەنیەت و شارستانیەتە**

*** ئەمڕۆکە بەتایبەتی لەکوردستانی ئێمە فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی بۆتە کەرەستەیەك بەدەستی داگیرکەرانی کوردستان**

*** لەبەرامبەر بڕیاری (١٣٧)ی ئەنجومەنی حوکم دژ بەژنان هەق وابوو زۆر بەتوندتر بەدژ ئەم بڕیارەدا بچوینایەو جەماوەری ژنمان بخرۆشاندایە.**

*** لەم تەقینەوەیەی ئەم دواییەدا بینیمان کەدڵی هەموو کوردستان لەگەڵ ئەم گرفتە لێدەدات کەئەمڕۆکە لەکوردستانی باشوور هەیە**

هەولێریش نیشانیدا کەفەندەمێنتالیزمی ئیسلامی هەموو دەوڵەتەکانی ناوچە بەوە گەیشتوون کەمەسەلەی کورد ئێستاوە لەکوردستانی باشور دەبێت ئەم ئەزموونە بڕوخێنرێت و بشکێنرێت، یەکێك لەوەزیفەکانی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی ڕوخانی عەلمانیەت و مەدەنیەت و شارستانیەتە، بۆ ئەوەی کەئەوان ئەو کارە بکەن ئەوەندە ئەزموونی ئەوڕۆکە لەکوردستان هەیە کەپێگەو سەکۆیەکە بۆ پێشڕەوی دواتری هێزە عەلمانیەکان و دیموکراسیەت و مەدەنیەت ئەوان هەوڵ دەدەن ئەوە تێك بدەن.

جیالەوە مەسەلەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی ئەمڕۆکە ئێستا لەڕەوتێك کەبەتەنها بۆ دەسەڵات هەوڵ بدات یان وەکو ئەوەی بۆچونێکی سیاسی تایبەتی هەیە لەوە چۆتە دەرێ، فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی ئەمڕۆکە لەو ناچەیەو بەتایبەتی لەکوردستانی ئێمە بۆتەکەرەستەو ئامرازی دەستی داگیرکەرانی کوردستان، بەواتا کەرەستەو هێزێکی تەواوە دژی مەسەلەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردە. جیالەوە دەبینین کەوڵاتانی دراوسێ بەوانەی کەعەلمانیەو غەیرە عەلمانییە، بەئیسلامییەکەوەو بەنائیسلامیەکەیەوە بەچەشنێك پشتیوانی لەوان دەکات. جیالەوە کۆنەپەرستی عیراق و پاشماوەی حزبی بەعس کەحزبێکی ئیسلامی نەبوو بەڵام حزبێکی فاشست و دیکتاتۆر بوو هەموویان چونەتە پشت سەری فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی، شۆڤێنیزمی عەرەب ئەمڕۆ لەقاڵبی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیدا خۆی دەردەخات و ئەم پەرچەمەی بەدەستەوە گرتووە بۆ دژایەتی کردنی دیموکراسی و عەلمانییەت و بۆ دژایەتی مافی نەتەوەکان، کەمایەتیە ئاینیەکانی دیکە لەناوچەکەدا. ئەوەی کەمن پێم وایە دەبێ هێزە عەلمانیەکان، ئەوانەی کەباوەڕیان بەدیموکراتیەت هەیە، یەکەم زۆر بەتوندی و بەڕۆشنی و بەریشەیی بچنەوە بەگژ ئەم بیروباوەڕەدا واتا ئەو جێیە کەدینێك حوکمێکی ئاسمانی دەیەوێ لەسەر زەوی حوکمەت بکات و دەوڵەت و ئیدارەو ژیان دابنێ خۆی ئەوە دژ بەدیموکراسیەت و دژ بەمافی گەلە. دەبێت بەتوندی دژی ڕابوەستین و لەهەموو جێگەیەك بیدەینە بەر هێرش، چاوت لێبێت فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی هەر ئەوەنیە کەدێت تەقینەوەو تیرۆر دەکات. ئەوەش کەتەقینەوەو تیرۆر ناکات، خەریکە لەنێو شارەکانی ئێمە لەمزگەوتەکان، لەحوجرەکان خەریکە زەمینەساز دەکات و ڕێگە خۆش دەکات و هێز دەگرێت و بیروباوەڕ بڵاودەکاتەوە بۆ فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی. ئەوانە ڕەنگە ڕێگاکانیان هەندێك جیاوازبێت و شێوازو تاکتیکی جۆراوجۆر یان هەبێت، بەڵام لەیەك سەرچاوەوە دێت و دەڕژێنە یەك ڕووبارەوە، ئێمە جیاجیامان کردونەتەوە یەکیان باش یەکێکیان کەمتر باش، یەکێکیان خراپ، یەکێکیان کەمتر خراپ، ئاوامان داناوە، کەمن پێم وایە ئەوە هەڵەیە.

بەڵام هەموو دینێك ئازادە، لەهەمان کاتدا هەر کەسێکیش کەعەلمانییەو بۆ عەلمانیەت تێدەکۆشێ بەدژی ئەم بیرو بۆچوونانە ڕادەوەستێ ئەویش ئازادە.

بەڵام هەنووکە دەبینین ئەوەندەی مینبەر لەبەردەستی ئیسلامیەکاندایە لەهەموو شارو دێهاتی کوردستان ئەوەندەمینبەر لەبەردەستی ڕووناکبیران و عەلمانیەکاندا نییە، ئەو پشتیوانیە گەورەیە مالیەی کەبەنموونە لەوڵاتانی دەوروبەرو جاری واش هەیە بەدەسەڵاتەکانی خۆشمانەوە بۆ پەرەپێدانی ئەم تۆڕی مەزهەبی و تۆڕی ئیسلامیە کردوومانە قەت ئەوەندەمان نەکردووە بۆ ئەوەی تۆڕی عەلمانیەت و ڕووناکبیران پەرەبگرن و هێز بستێنن. هێشتاکە ئێمە لەعیراقێکداین کەخەڵکانێك هەوڵ دەدەن دین داسەپێنن بەسەر دەوڵەت و دەسەڵات و قانووندا، بۆیە ئێمە دەبێت پەروەردەی خۆمان جیابکەینەوە لەمەسەلەی دین.

نابێت دەزگا - دەوڵەت - حکومەت - حزبی عەلمانی پشتی ئاینێکی تایبەت بگرێت، یارمەتی ماڵی بدات، یان چ پێویستیەك هەیە بەچ بەڵگەیەك کەئێمە حزبی عەلمانین لەزۆر جێدا دەبێت بەئایەت و فەتواو ئەو جۆرە شتانە پەیوەیست بین، لەکاتێکدا بنەماکانمان دیموکراسی و پێشکەوتن خوازی و هەموو ئەوشتانەیە کەمرۆڤی موتەمەدن ئەمڕۆ لەجیهاندا پێکی هێناوە. بامن لێرە جەخت لەوە بکەمەوە کەئەگەر ئەوان بڕیاربوو بەتۆقاندن و زۆرو چەك پەیوەست بوون دەبێت بەزۆرو چەك وزەبرو زەنگی گەل وەڵامیان بدرێتەوە، نابێت ئێمە تەعاروف و موجامەلەیان لەگەڵ بکەین. پێم وایە عەلمانیەك دەتوانێ لەهەمان کاتدا بەموسڵمانێك، بەمەسیحیەك بەکەسێك کەئاینیەو بیردەکاتەوە نیشان بدات کەئەو مافی ئەویش دەپارێزێ و بەزۆر نایەوێ عەلمانیەتی بەسەردا بسەپێنێت بەزۆر نایەوێ کەدینەکەی بگۆڕێ.

ئێمە شێوازێك کەخەڵك دەخاڵەت بدات لەچارەنووسی خۆیداو دەیهێنێتە سەر شەقام و مەیدان لەم شێوازانە دەبێت ئێمە کەڵك وەربگرین، مەسەلەن لەبابەت بڕیاری ئەم دواییانەی مەجلیسی حوکم کەدژ بەژنان دەری کرد هەق وابوو هەموو ژنانی کوردستان هەر لەسلێمانیەوە بۆ کەرکوك و تا هەولێرو شارەکانی تر دەست بگرن، هەقیش وابوو زۆر توندتر بەدژ ئەم بڕیارەدا بچینەوەو جەماوەری ژن بخرۆشێنین و بیکەین بەوەی کەهۆشیاریەکی سیاسی لەم بارەیەوە بڵاوبکەینەوە.

جوڵاندنی جەماوەر هەمیشە بڕشتی سەرکردایەتی بزوتنەوەکەش زۆرتر دەکات.

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کەئێمە ئەمڕۆکە دەبینین لەهەموو کوردستانی گەورە خەڵك خۆپێشاندانی کرد بەنەوعێك لەمزگەوتەکاندا بەشداربوون کاتێکیش کەسانێك هاتن دەیان ویست بەچەشنێك دژایەتی خەڵکی کوردستان بکەن خەڵك هەڵوێستیان نواندووەو پەیامیان خوێندۆتەوەو کۆدەبوونەوەو ئەوەنیشاندەری ئەوەیە کەمەسەلەی کورد بەگشتی لەناوچەکەدا یەك مەسەلەیەو یەك گرفتی هەیە، ئایا ئێمە ئاوا پشتی هەموو گەلی کوردمان گرتووە لەهەموو ناوچەکانی دیکەو بەو جۆرە لەسەر ئەو هێزو توانایەوە لەسەر ئەو قودرەتە کەئەمڕۆ کەکوردستان ئێران نیشانی دەدات نوسیومانە؟ قسەمان کردووە؟ ڕۆژنامەکان لێرە لەباشور باسی دەکەن! گەورەی دەکەنەوە؟ من لام وایە کەم بایەخی پێدراوە، هێزی خۆمان ئەوەی هێزی گەلە کەم جوڵێنراوە. ئێمە دەبێت ئەوە زیاتر بجوڵێنین و دەوڵەتانی دراوسێش بزانن کەکورد تەنیا نییە، ئێمە لەکۆڕەوەکەداو ئەمجارەش لەم تەقینەوەیەدا بینیمان دڵی هەموو کوردستان لەگەڵ ئەم گرفتە لێدەدات کەئەمڕۆ لەکوردستانی باشور هەیە، ئەوە ڕووم لەخۆمان و لەهەموو حزبە سیاسەکانی دیکەشە لەهەموو بەشەکانی کوردستان.

+ لەسەر ئاستی عیراقیش هەوڵی پیاوانی مەزهەبی و فەندەمێنتالیزم بەردەوامە تاهەموو شتەکان بدەنەوە بەمەزهەب و ئاین ئەم هەوڵانە تاچەند دەتوانن شکست بەدیموکراسیەت بهێنێن، بۆ بەرگرتن بەم هەوڵانە چ بەرنامەیەك پێشنیار دەکەیت؟

من لام وایە ئەو هەوڵانە خەتەرناکن و جێگەی مەترسین لەحاڵێکدا کە ٣٥ ساڵ دیکتاتۆری و کوشت و بڕو تۆقاندن هەبووە لەعیراقدا و خەڵك هیچ شتێکی ئەزموون نەکردووە، لەحاڵێکدا هەموو دنیای عەرەب جۆرێك فەندەمێنتالیزم و بیری شۆڤێنیستی بەشێکی زۆر لەڕووناکبیرانی عەرەبیشی داگرتۆتەوە. لەکاتێکدا کەناسیۆنالیزمی عەرەبی لەزۆر بواردا لەبواری تەمەدونخوازی شکستی خواردووەو ئێستا پەنای هێناوە بۆ ئیسلامی سیاسی و ئێمە دەبێ بزانین کەئەمڕۆ کەئەو ئایەتوڵڵاو ئەو پیاوی ئاینی لەعیراقدا کەدەوردەگێڕێت ئەوە مەترسیەکی گەورەیە بەڵام لەهەمان کاتدا لەبیرمان نەچێتەوە لەدوو وڵاتی ناوچەکە ئیسلامی سیاسی بەدەسەڵات گەیشت و هەموو یاساکانی خۆی دامەزراند، هەردوو ئەو حکومەتانە تووشی بنبەست و شکست هاتوون ئەوە پشتیوانیەکی باشە، ڕاستە عیراق ئەوەی ئەزموون نەکردووە بەڵام من لام وایە دەکرێت و دەبێت دژیان ڕابوەستین، بەڵام ڕاوەستان لەم بوارەشدا هەر بەقسەکردن نییە، ئێمە پارچەیەکی گەورە لەعیراقمان بەدەستەوەیە ئەگەر بتوانین خۆشی ژیان، بەختەوەری و ئاسایش لەم بەشە دابین بکەین و خەڵکەکەی ڕازی بێت و منداڵانی مافیان هەبێت ژن و پیرەکانی مافیان هەبێت و ڕێزیان لێ بگیرێت و بیمەی بێکاریان هەبێت و خزمەت گوزاری زۆرتر پێشکەش بکەین. پێم وایە بەمە ئەو بیرە فەندەمێنتالیزمە شکست دەخوات و لایەنگرانیان کەم دەبێت ئێمە دەبێت لەگەڵ سەرجەم عەلمانیەکانی عیراقدا ڕابوەستین و هاوکاری و پشتیوانیان دەکەین و دژ بەو ڕەوتەو ئێمە نابێ تەعاروف لەگەڵ ئەو ڕەوتە بکەین.